# ڕۆژوو شکاندن لەسەر چیا و تەلار وباڵەخانە بەرزەکان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# متى يفطر ساكني الجبال والأبراج الشاهقة؟

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ڕۆژوو شکاندن لەسەر چیا و تەلار وباڵەخانە بەرزەکان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار:** ئەگەر کەسێك بەڕۆژوو بێت و لەسەر شاخی هەورامان یان لەسەر چیای قەندیل یان لەناو باڵەخانەیەکی زۆر بەرز بێت، لەو کاتەدا خەڵکی ناو شارەکان بە کاتی دیاریکراوی سلێمانی یان هەولێر ڕۆژوو دەشکێنن، بەڵام لای ئەو کەسە لەبەر بەرزی جێگاکەی هێشتا خۆر بەتەواوی ئاوا نەبووە، ئایا بەکاتی کوێ وچۆن ڕۆژووەکەی بشکێنێت ؟

**وەڵام:** بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

یەکەم: خواي گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا نیشانەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرای دیاری کردووە بۆ ڕۆژوو شکاندن، ئەویش لەو ئایەتەدا بەدەر دەکەوێت کە خوای گەورە

فەرموویەتی : ﴿ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِ ﴾ [ البقرة :١٨٧ ]
واتا: بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەکەویت و لە ڕۆژهەلاتەوە دیاردەدات و تاریکی شەو لادەبات، لەوەودوا ڕۆژووەکەتان ببەنە سەر تا شەو دادێت و (خۆرئاوا دەبێت).

پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : « إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا - يعني من جهة المشرق -، وَأَدْبَرَ النَّهَارُ مِنْ هَا هُنَا - يعني من جهة المغرب - ، وَغَرَبَتْ الشَّمْسُ: فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ » [ رواه البخاري ] واتا : هەرکاتێك شەو لە لای ڕۆژهەلاتەوە هات و ڕۆژیش لە لای خۆرئاواوە پشتی هەلکرد و خۆرئاوا بوو، ئەوە ئیتر ڕۆژوەوان ڕۆژووکەی دەشکێنێت .

حافظ ابن رجب ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەلێت : « **هذا الحديث يدل على أن مجرد غيبوبة القرص يدخل به وقت صلاة المغرب، كما يفطر الصائم بذلك، وهذا إجماع من أهل العلم** » واتا : ئەم فەرموودەیە بەلگەیە لەسەر ئەوەی هەرکاتێك ( قورص ) ی خۆر مەبەست لێ جسمی خۆرە، لەچاو وون بوو ئەو کاتە کاتی نوێژی مەغریب و کاتی ڕۆژوو شکاندنە، ئەمەش ئیجماع و کۆدەنگی زانایانە.

زانایانی شافعی مەزهەب وحەنبەلی و جگە لەوانیش دەڵێن : « **ولا عبرة ببقاء الحمرة الشديدة في السماء بعد سقوط قرص الشمس وغيبوبته عن الأبصار** » [ فتح البارىء ج٤/٤٥٢) واتا : عیبرەت بەو سوراییەی کەناری ئاسمان نییە کە لەپاش ڕۆژئاوا بوونیش هەر دەبینرێت، یەعنی عیبرەت بە وون بوون و دیار نەمانی خۆرە، نەك سورایی کەناری ئاسمان، وەك هەندێك کەس وا گومان دەبەن .

هەروەها شێخ الإسلام ابن تیمیەش ووتویەتی : « **إذا غاب قرص الشمس: حينئذ يفطر الصائم، ويزول وقت النهي، ولا أثر لما يبقى في الأفق من الحمرة الشديدة في شيء من الأحكام** » [ شرح عمدة الفقه : لاپەڕە ١٦٩ ] واتا : هەرکاتێك ( قرص ) جسمی خۆر ئاوا بوو، ئەوە ئیتر ڕۆژوەوان ڕۆژوەکەی دەشکێنێت، و ئیتر ئەو کاتە تەوا دەبێت کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە نوێژی تێدا بکرێت، وە ئەو سوورایيەی کەناری ئاسمان کە لەپاش خۆر ئاوابوون دەبینرێت هیچ کاریگەریەکی نابێت لەسەر ئەحکامەکان.

دووەم: بێگومان کاتی ڕۆژئاوابوون لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، وە لە وولاتێکی ترەوە بۆ وولاتێکی تر دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە لەیەك جێگایش جیاوازی دەبینرێت، بە نسبەت ئەو کەسانەی کە لە جێگایەکی بەرزتر یان جێگایەکی نزمتر نیشتەجێن،

وەك ئەو شار وگوندانەی لەسەر چیان کە خۆر درەنگتر لێیان ئاوا دەبێت بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەو شار و گوندانەی لە دامێنی دەشت و چیا و بیابانەکانن.

لەکاتێکدا شەریعەتی ئیسلامیش ڕۆژوو شکاندنی پەیوەست کردووە بە خۆرئاوابوون و وون بوونی خۆرەوە، کەواتە هەموو جێگایەك کاتی ڕۆژوو شکاندنی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە ئەو کوێستانیانەی کە لە چیای قەندیل لەم وەرزەدا ژیان بەسەر دەبن، یان ڕێبوارێك لەکاتی ڕۆژوو شکاندندا لەسەر شاخی هەورامان بێت، یان تەنانەت ئەو کەسانەی لەسەر بورج و باڵەخانە بەرزەکانی دونیا نیشتەجێن، وەك باڵەخانە بەرزەکانی مالیزیا و وولاتانی کەنداو، بیگومان کاتی ڕۆژوو شکاندیان درەنگترە بەچەند دەقیقەیەك لەو کەسانەی کە لە دامێنی ئەو چیایانە، یان لەو کەسانەی کە لە قاتی خوارەوەی ئەو بورج وباڵەخانانە نیشتەجێین، چونکە وەك ووتمان خۆر لە سەرەوە بە بەراوردکردن بە قاتەکانی خوارەوە درەنگتر ڕۆژوو بشکێنێت .

زانایەکی وەك فەخرەدینی زەیلەعی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەگێڕێتەوە ودەڵێت : « **رُوِيَ أَنَّ أَبَا مُوسَى الضَّرِيرَ الْفَقِيهَ صَاحِبَ الْمُخْتَصَرِ قَدِمَ الْإِسْكَنْدَرِيَّة، فَسُئِلَ عَمَّنْ صَعِدَ عَلَى مَنَارَةِ الْإِسْكَنْدَرِيَّةِ فَيَرَى الشَّمْسَ بِزَمَانٍ طَوِيلٍ بَعْدَمَا غَرَبَتْ عِنْدَهُمْ فِي الْبَلَدِ، أَيَحِلُّ لَهُ أَنْ يُفْطِرَ؟**

فَقَالَ: لَا، وَيَحِلُّ لِأَهْلِ الْبَلَدِ؛ لِأَنَّ كُلًّا مُخَاطَبٌ بِمَا عِنْدَهُ » [ تبيين الحقائق (٣٢١/١) ] كە ئەبو موسای ضەریر خاوەنی کتێبی ( المختصر ) کاتێك هاتە شاری ئەسکەندەریە لە وولاتی میصر، پرسیاری لێکرا لەبارەی ئەو کەسەی کە لەسەر منارەی ئەسکەندەریەیە، ( دیارە منارەیەکی بەرز بووە ) ڕۆژ دەبینێت ولای ئاوا نەبووە، لەکاتێکدا لەناو شار خۆر ئاوابووە، ئایا دروستە بۆ ئەو کەسە لەسەر منارەکەی ڕۆژوەکەی بشکێنێت لەگەڵ خەڵکی ناو شار . لەوەڵامدا دەڵێت : نەخێر دروست نییە، بەڵام بۆ خەڵکی ناو شار ڕۆژوەکانیان دەشکێنن، چونکە هەموو کەس بەپێی ئەو شوێن وجێگایەی لێیەتی خوای گەورە خطابی ئاڕاستە کردووە .

ابن عابدینی حەنەفی دەڵێت : « وَمَنْ كَانَ عَلَى مَكَانٍ مُرْتَفِعٍ كَمَنَارَةِ إسْكَنْدَرِيَّةَ: لَا يُفْطِرُ مَا لَمْ تَغْرُبْ الشَّمْسُ عِنْدَهُ، وَلِأَهْلِ الْبَلْدَةِ الْفِطْرُ إنْ غَرُبَتْ عِنْدَهُمْ قَبْلَهُ، وَكَذَا الْعِبْرَةُ فِي الطُّلُوعِ فِي حَقِّ صَلَاةِ الْفَجْرِ أَوْ السُّحُورِ » [ حاشية ابن عابدين" (٤٢٠/٢) ] واتا : ئەگەر هاتوو کەسێك لە جێگایەکی بەرز بوو، وەك ئەوەی ئەگەر هاتوو لەسەر منارەی ئەسکەندەریە بێت، نابێت ڕۆژوو بشکێنێت تاوەکو لای خۆی ڕۆژ ئاوا دەبێت، لەکاتێکدا خەڵکی ناو شار ڕۆژوەکانیان دەشکێنن ئەگەر خۆر لای ئەوان پێش ئەو لەو کاتەدا ئاوا بوو بوو، بە هەمان شێوە لەکاتی نوێژی بەیانی و پارشێو کردنیشدا ڕەچاوی ئەم مەسئەلەیە دەکرێت .

شێخ محمد بن صالح العثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : « **الناس الذين على الجبال أو في السهول والعمارات الشاهقة، كل منهم له حكمه، فمن غابت عنه الشمس حل له الفطر، ومن لا فلا** » [ الشرح الممتع(٦/ ٣٩٨) ] واتا : ئەو کەسانەی کەلەسەر شاخێکن، یان لە دەشتایی و دامێنی چیاکانن، یان لەناو باڵەخانە و بورجە زۆر بەرزەکاندان، هەر کەسێکیان حوکمی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو کەسەی لای ئەو خۆر ئاوا بووە ولە جێگا نزمەکاندان دروستە بۆیان ڕۆژوەکانیان بشکێنن، وە ئەوانەیشی لە جێگا بەرزەکاندان و هیشتا خۆر لایان ئاوا نەبووە، نابێت ڕۆژوەکانیان بشکێنن، تا تەواو خۆر ئاوا دەبێت لایان .

هەروەها دەڵێت : « **وإذا أذن المؤذن وأنت في مكان مرتفع وتشاهد الشمس: فلا تفطر**» [ اللقاء الشهري (٤١/ ٢٢) ] واتا : ئەگەر هاتوو بانگی مەغریبی فەرموو، تۆش لەجێگایەکی بەرز بوویت، لەو کاتەدا هێشتا لای تۆ ڕۆژ ئاوا نەبوو بوو، وە خۆرت دەبینی، نابێت ڕۆژوەکەت بشکێنیت، تا لای تۆیش ڕۆژئاوا دەبێت، واتا دەبێت ماوەیەك چاوەڕوان بکەیت تاوەکو لای تۆیش ڕۆژ ئاوا دەبێت .

خوای گەورەش زاناترە ....